# هەمیشە لە پشت ئاسمان
# پەنجەرەیەکی شین دیارە

جەلال بەرزنجی
2005

لە پشتەوەی ئاسمان
دوور دوور
پەنجەرەیەکی شین دیار بوو
کەسێك بە تیشێرتێکی شین شین
دەهاتە پەنجەرەو دەرۆیشت
ئەو کەسە تەماشا شین بوو
پێش ئەوەی لە تەماشا کردنی تێر بم
پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە
دوای ئەو
لە نزیکەوە
بایەکی شینم بینی , پۆلە مەلێکی شینی لە گەڵ بوو
بێ جیاوازی لە سەر کۆمەڵە درەختێك نیشتنەوە
لە تەنیشتیان دار قەزوانێك ,
رەنگی خۆی تۆخ دەکرد
مانگ گرفتی لە گەڵ شین نەبوو
لە پشتی پشتەوەی سروشت تەمێکی شین دیارە
لە پشتی پشتەوەی خەڵك ژنێکی کراس شین دیارە
لە سەر بەرزترین ماڵ ,
منداڵێك دیاربوو,
کۆلارەیەکی شینی هەڵدەدا و
(با)ی شیین دەکرد

بەردەکانی خوارەوەش شین دەبوون
ئیستا دەتوانم
خەمی گەڵاکان
لە سەر دەستم ڕیز کەم
ئێستا گەر خودایش بیەوەێ
دەتوانێ تیشێرتە شینەکەی
لە سەر تەنافەشینەکە هەڵخات
ئێوەش گەر کراسە شینە کانتان شووشت
دەتوانن لە سەر هەمان تەنافی شین هەڵی خەن
ئێستا ,
لە نزیکەوە
با خچەیەکی شینم لێ دیارە
ژیان تیایدا ئارامە
لەم باخچەیە ,
هەر کاتێك بتەوەێ دەتوانی تەیرەکان مەشغولت کەن
لەم باخچەیە,
ئێوارە شینەو ,
بە تولە ڕێەکی شین شین دا,
گوڵەکانی
هەڵدەکشێنە لای پەنجەرە شینەکە پشت ئاسمان
ئەم باخچەیە شوێنێکی ئارامە
بۆ ئەوەی قسە لە گەڵ ماڵەوە بکەیت
کەسەکەش ناوە ناوە پەردەکە لا دەدات
نایەوەێ کاریزمای خۆی لە دەست دات
ئە گەر نا ڕەنگە حەز بکات ئێواران بە تیشێ رتێکی شینەوە
بێتە خوارەوەوو پیاسە بکات
هەر کەسێك بێتە ناو ئەم باخچەیە

باخەڵی پڕی جریوە دەبێت
لەشیشی بۆنی گەنم دەگرێ
دڵیشی پڕ لە پەنجەرەی شین دەبێت